# داخستنی بڵاوكراوەیەك لەهەڵەبجە

دیدەوان هەورامی

هەڵەبجەی شەهید ئەو ناوەیە كە ئازارەكانی لای كەسمان شاراوە نین‌و خەمی هەڵەبجە خەمی هاوبەشی سەرجەم گەلی كوردە، بۆیە زیادكردنی ئازارو خەمی كەسوكاری قوربانیانی خەڵكی هەڵەبجە ئەمڕۆ هیچ پاساوێكی نییە، تاوانە ئەگەر دەستێك لەژێر ئەو ناوە كارەساتبارەدا دیسان بیەوێ تۆوی غەم‌و كەسەر بچێنێنت، ئەم نووسینە بچووكە دەیەوێت پەنجە بخاتە سەر دەردەدڵی كۆمەڵێ خێزان كەئەمڕۆ دانیشتووی هەڵەبجەی شەهیدن.

بێگومان كۆستی هەڵەبجە بەسەر هەموو دانیشتوانی ئەو شارەدا هات بەبێ جیاوازی فیكرەو بیروباوەڕەوە، بۆیە هەر خێرو خۆشییەكیش ئەمڕۆ ڕوو دەكاتە ئەو شارە دەبێ بۆ هەمووان بێ بەبێ جیاوازی، جێگای خۆشحاڵیە كەچەند جارێك پڕۆژەی خێرخوازی بۆ ئەو شارە دەردەچێت، بەڵام ئەوەیان كەجێگای ئەسەفە ئەوەیە بەر بەو خێرو بێرە دەگیرێ كەڕوو لەهەندێ خێزان بكا بەهۆكاری سیاسی‌و جیاوازیی بیروڕا، چەند جارێك بوو ڕێم دەكەوتە چەند گەڕەكێكی ئەو شارە ئەمبینی زۆرێ لەماڵەكانی بەشەوقو زەوقەوە ئەڕوخێنران‌و خانووی تازەیان بۆ ئەكرایەوە لەنێوانی ئەو ماڵانەدا كەئەڕووخا خێزان ماڵی تەپیو و كزو لاوازی تریش هەبوون هەموو جارێ ئەوە ئەبووە جێگای پرسیار من، داخۆ لەسەر چ ئەساسێك ئەو خێرە دڵخۆشكەرە ئەم ماڵە بگرێتەوە بەڵام دراوسێكەی هەر سەیركا؟

من بەداخەوە بووم ئێستەش ئەیڵێم خۆزگە ئەو پیرەژنەم نەدواندایە، كە ئەو ماڵە شڕەكانی هەر بەپێوە بوون، وتم: دایە باشە بۆچی‌ماڵی تازە بۆ ئێوە دەرنەچووە لەدەورووبەرتان تەنها ئێوە خەریك نین؟ دایە پێرە هیچی پێنەوترا، تەنها چەند ڕستەیەكی پچڕ پچڕ نەبێت كەبۆنی هیچی نەدا ئەوەنەبێت كەسیاسەت ئەوانی لەوكارە خزمەتگوزارییە بێبەشكردووە، لەم ڕۆژانەدا ئەم دەردە دڵییەم بۆ هاوڕێیەكم باسكرد وتی: لەسەر بڵاوكردنەوەی ئەم بابەتە لەم ڕۆژانەدا بڵاوكراوەی (كەرنەڤاڵ)یان داخست وازبێنە نەوەك دەمی تۆش داخەن.